

## کامەران حەسەن:

# پێویستە ئەو ئازادییە بەکاربێنین بۆ پێشکەشکردنی کاری جوانتر





● هونەرمەند کامەران حەسەن کە ئێستا لە شاری هەولێر دادەنیشێت وەك لە قسەکانیدا دیارە زۆر شەیدای مۆسیقا و هونەرە و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کارەکەی هەیە، دامەزرێنەر و سەرپەرشتیاری گرووپی بێسارانییە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دایمەزراند و تا ئێستا ژمارەیەك چالاکی ئەنجام داوە و لە داهاتووشدا بەرنامەیان هەیە کاری هونەری زیاتر پێشکەش بکەن. ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگە کۆنسێرتێکیان سازکرد کە جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون، وەك خۆی وتی حەز دەکات دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمێك یان ئەنجامدانی کۆنسێرتێك دیمانەی هونەری بکات، ئەگەر هیچی نوێی نەبێت قسە بۆ میدیاکان ناکات وەك هەندێ هونەرمەندی تر کە لەو بارەیەوە ڕەخنەیان لێدەگرێت ، لێرەدا کامەران حەسەن وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە. ●





*** کۆنسێرتەکە تاچەند لە ئاستی خواستەکانت بوو و رادەی ئامادەبوونی جەماوەر چۆن بوو؟**

_ لە راستیدا شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، خەڵکێکی زۆر هاتبوون، هۆڵەکە پڕ بوو لەجەماوەر و زۆربەی ئەوانەی هاتبوون گوێگرێکی زۆرباش بوون لەسەرەتاوە تاکو کاتی کۆتایهاتنی کۆنسێرتەکە. بەپێچەوانەی پێشبینیەکان و ئەوەی لەپێشتر باس کراوە کە بەداخەوە لەو ماوەیە لە هەندێك کۆنسێرت بینیومانە دەنگە دەنگ دێت و خەڵك زۆر هاتووچۆ دەکات کە ئەوە لەکۆنسێرتەکەی ئێمە بوونی نەبوو. دەتوانم بڵێم رێکوپێکیەك بە کۆنسێرتەکەوە دیابوو، تاڕاددەیەکی لەکاری خۆمان و لەهاتنی جەماوەر. زۆر رازی بووم

*** گرووپی بێسارانی کەی دامەزرا و چالاکیەکانتان تا ئێستا چی بووە ؟**

_ لەساڵی ٢٠٠٥ ئەو گرووپەم دامەزراند و سەرپەرشتیم کرد، بەهیوای ئەوەی بتوانم لەبواری مۆسیقای کوردی کارێك بکەم، تەنانەت بە دەستی بەتاڵەوە دەستم پێکرد، سەرەتاکەی تەنیا خۆم بووم کەسی تر نەبوو، هەندێك لەوانەی پەرۆشی فێربوونی ئامێری مۆسیقا بوون هاتن کاریان لەگەڵمان کرد، هەرچەندە گیروگرفتی زۆرمان هەبوو زۆربەی ئەوانەی گرووپەکەمان قوتابی بوون، دوای سێ ساڵ واتە لەساڵی ٢٠٠٨ توانیمان یەکەم کۆنسێرت لەسەنتەری ئالا ساز بکەین، دوای ئەوە لەشاری هەڵەبجە کۆنسێرتمان کرد و دواتر جارێکی تر لەشاری هەولێر کۆنسێرتمان کردەوە، لەشاری فاس لە وڵاتی مەغریب بەشداری فیستیڤاڵێکمان کرد و دوو بەرنامەمان هەبوو، ئەو کۆنسێرتەی رۆژی یەکشەممەی رابردوو چوارەم کۆنسێرتی ئێمە بوو، سەبارەت بە ناوی گرووپەکە کە بەناوی شاعیری گەورەی کورد مەلا مستەفا بێسارانی کراوە، ئەو کارانەی کە کردومانن هەوڵم داوە تەنیا مۆسیقا نەبێت، بەڵکو کارێکی وزە بەخش بێت و سوودی هەبێت، شیعری شاعیرانی گەورە و ناودار هەڵدەبژێرین، زۆربەی کارەکانمان خۆی لە شیعری مەولەوی، بێسارانی و مەحوی و شاعیری گەورەی تر دەبینێتەوە.

*** پێشتر لە چ گرووپێك کارت دەکرد؟**

_ لە گرووپی شەمس کە ناودارترین گرووپی مۆسیقای تەموورە و مۆسیقای وڵاتی ئێرانە، مامۆستا کەیخەسرەو کە سەرپەرشتی ئەو گرووپە بوو من قوتابی ئەو بووم، زۆر سوودم لێی بینیوە و ئێستاش پەیوەندییەکی باشمان بەیەکەوە هەیە.

*** بە بەراورد لەگەڵ گرووپەکانی تر ئێوە خۆتان لەچ پلەیەك و چ ئاستێك دەبینن؟**

_ ناتوانم باسی ئەوە بکەم، ئەمە کاری ئەو کەسانەیە کە لەبواری رەخنەی مۆسیقا یان مۆسیقا کاردەکەن و کارەکان دەبینن، لێرە من نەچوومەتە کۆنسێرتێك تەموورە ژەن بن، بەڵام ئەو گرووپانە هەن و جەماوەریش دەتوانێت بریار بدات.

*** ئەو گرفتانە چین کە رێگرن لەبەردەم کارەکانتان؟**

_ ئێمە گرفتمان زۆرە، بەڵام توانیومانە بەو توانایەی کە هەمانە کارە هونەرییەکانمان بکەین. ئێمە زیاتر هەوڵی کارکردن دەدەین و دەکرێت گرفتەکان چارەسەر بکرێن بە هەر شێوەیەك بێت. بەڵام ناتوانم بڵێم گرفتمان نەبووە، بەڵکو گرفتی زۆرمان هەبووە، بۆ نموونە شوێنی پرۆڤەمان نەبووە، سوپاس بۆ سەنتەری رۆشنبیری ئاراس کە ماوەیەکە لەوێ پرۆڤە دەکەین، بەشێوەیەکی گشتی گرفتمان زۆرە، بەڵام هەوڵ دەدەین چارەسەریان بکەین.

*** لەگەڵ کام ئامێری مۆسیقا زیاتر ئاشناییت هەیە و ئارەزووت لێیەتی؟**

_ کاری مۆسیقام بە ئامێری تەموورە دەست پێکرد کە ئامێرێکی زۆر کۆنی مۆسیقایە چ لەناو مۆسیقای کوردی یان مۆسیقای وڵاتانی تر، بەپێی بەڵگەکان مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ پێنج تا شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر و گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهاتووە، دەتوانین بڵێین لەناو مۆسیقای کوردی مۆسیقایەکمان هەیە بەناوی تەموورە. جگە لەوە شارەزاییم لە تار و دەف هەیە، بەڵام تەموورە لەهەموویان زیاتر لام خۆشەویستە.

*** لێرە سوود لەو ئامێرە وەرنەگیراوە بەشێوەیەکی دیار؟**

_ وەك دیارە تەموورە زیاتر پەیوەندی بە مۆسیقای ئایینیەوە هەیە، بەڵام نزیکەی بیست و پێنج ساڵ دەبێت لەوە دەرچووە کە

ئەوانەی لەبواری هونەریدا کاردەکەن لە داهاتوودا بەرپرسیار دەبن لەوەی چییان کردووە






**ئێمە کۆنسێرت بەبێ پارە دەکەین کە شتی وا لە دنیادا نییە**

تەنیا پەیوەست بێت بە ئایینیەوە و لە زۆر کۆنسێرت و ئەلبوومی هونەریدا بەکار هاتووە، بەداخەوە لێرە بەکارهێنانی تەمووره کاڵ بۆتەوە و ئەتوانم بڵێم سوودی لێوەرنەگیراوە.

*** بەشێوەیەکی گشتی ئێستای هونەری کوردی چۆن دەبینیت؟**

ـ بە رای من ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لەناو قەیرانێکدا دەژین، قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، هونەریش وەك ئەو بوارانە لەقەیراندایە. ناتوانین لەیەکتریان جیا بکەینەوە، زۆر کەس باسی قەیرانی مۆسیقا دەکات کە لە راستیدا مۆسیقا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ئەوانە پەیوەستن بەیەکەوە، ئەگەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە گرفتت هەبوو، ئەوا مۆسیقاکەش دەگرێتەوە. بەڵام ئەو کەسانەی کە کاری هونەری دەکەن، ئەرکێکی زۆرتریان لەسەر شانە، بەرپرسیار دەبین لەداهاتوودا لەوەی چیمان کردووە، پێویستە ئامادەییەکی تەواومان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە. دەتوانین لەئێستاوە دەستی پێبکەین و نەهێڵین زیاتر بخایەنێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی هونەری و پێشکەشکردنی مۆسیقا و هەوڵ بدەین کۆمپانیای هونەری لە کوردستان دروست بکەین. پێویستە مۆسیقاکەمان پیشەیی بێت کە تا ئێستا پیشەیی نەبووە، لایەنی هونەری و ئابووری تەواوکەری یەکترن بەشێوەیەکی راستەوخۆ مەبەستم ئەوەیە ئێمە کۆنسێرت دەکەین بەبێ پارە، لە دنیادا شتی وا نییە، ئێمە وا نین، ئەگەر هونەرمەندێك بتوانێت بە کۆنسێرتێك کارەکانی ئەنجام بدات و بە داهاتی بەرهەمەکانی خۆی ژیانی دابین بکات، بە دڵنیاییەوە ئەو گرفتە کۆتایی پێدێت کە ئێستا هەیە، چالاکتر دەبین و بەرهەمەکانمان زیاتر دەبێت و خەڵك داوای شتی باشترمان لێدەکات. هیوادارم ئەو شتانە چارەسەر بکرێن و بە روانگەیەکی تر سەیری مۆسیقا بکەین.

*** بە رای تۆ لە کام پارچەی کوردستان مۆسیقای کوردی لە لوتکەدایە؟**

ـ لێرەدا گرفتێك هەیە، بەداخەوە لەبەر نەبوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ و چەند پارچەبوونی کوردستان، هەم کاریگەریمان هەبووە لەسەر داگیرکەران هەم کەوتووینەتە ژێر کاریگەریان. ئێمە دەڵێین ئەو پارچەیە لە ژێر کاریگەری مۆسیقای ئەو وڵاتەدایە، ئەوە وایکردووە نەتوانین شیکردنەوەیەکمان هەبێت، دەڵێن ئەوانەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاردەکەن لەژێر کاریگەری مۆسیقای فارسین، تەنانەت لەوێ شتێك نییە بەناوی مۆسیقای فارس، بەڵکو ناوی مۆسیقای ئێرانیە، لە باشووری کوردستان ستایلی عەرەبی و لە باکوور مۆسیقای تورکی بەو شێوەیە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا هونەرمەندانی کورد رۆڵیان زۆر دیارە زۆر ئاوازدانەر و مۆسیقاژەنی ناسراومان هەیە کە کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەو وڵاتەدا. بۆیە بەراورد کردن کارێکی گرانە و ناتوانین بیکەین، لەبەر ئەوەی هەریەکەمان لەناو هەلومەرجێکی تایبەت بە خۆمان ژیاوین. هەموو میللەتانی دنیا گرنگی بە کولتووری خۆیان دەدەن. ئێستا کە ئێمە لێرە ئازادین پێویستە ئەوە بەکارهێنین بۆ پێشکەشکردنی کاری جوان و بەرەو پێشبردنی لایەنی هونەری و لایەنەکانی تر، چەندین ساڵ خەونمان بەو ئازادیەی ئێستا دەبینی ئێستا ئازادین و هەق وایە بە باشترین شێوە بەکاری بێنین.

*** لە راگەیاندنەکاندا کەم بەدیار دەکەویت ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ـ بەداخەوە لەناو راگەیاندنی هونەریدا شتێك زۆر بە ئاشکرایی هەستی پێ دەکرێت، هەواڵم خوێندۆتەوە لەسەر ئەوەی ئەو هونەرمەندە خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ تۆمارکردنی گۆرانیەك یان ئاوازێك دادەنێت بۆ کەسێکی تر، لای من ئەمە ناچێتە ناو چوارچێوەی هەواڵەوە و پێویست بە بڵاوکردنەوەی ناکات. هەوڵ ئەدەم لەدوای بەرهەمێك یان کۆنسێرتێك دیمانەی هونەری بکەم و باسی کارەکان بکەم، پێموایە ئەو کاتە زۆر شیاو ترە.

*** دوای ئەو کۆنسێرتە نوێترین چالاکی و بەرهەمتان چی دەبێت؟**

ـ ئێمە بە بەردەوامی کۆبوونەوەمان هەیە، لەهەفتەی داهاتوو کۆ دەبینەوە، چەند بەرنامەیەکمان هەیە بۆ ساڵی ٢٠١٠ دەمانەوێت تەواویان بکەین، ئیتر دەبێت لەگەڵ چەند لایەنێك قسە بکەین بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن، ئێمەش هەوڵ ئەدەین لەکاتی خۆیدا کارەکانمان پێشکەش بکەین.


1

## ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# فیلمە کۆمیدییەکان بۆ دووەمین هەفتە لەسەر یەک پلەی یەکەمین وەردەگرن

دوای ئەوەی هەفتەی پێشوو فیلمی کۆمیدی "ژووانی شەوان" توانی پلە یەکی بۆکس ئۆفیس بەدەست بێنێت، ئەم هەفتەیەش هەر کۆمیدیا، بەڵام فیلمێکی تـــر، بەناوی "Kick-Ass" ئەو ریزبەندییەی بە زیاتر لە ١٩ ملیۆن دۆلار وەرگرت.

کۆمیدیـــا، جۆریکە لـــە جۆرەکانی هونەری نواندن لە فیلمە تەلەفزیۆنی و سینەماییەکان، ڕووداوەکانـــی زەردەخەنـــەو پێکەنین بۆ بینەر دروســـت دەکات و کۆتاییەکەی بەئاسوودەیی تەواو دەبێت.

کۆمیدیـــا مێژوویەکـــی درێـــژی هەیـــە، دەگەڕێتـــەوە بۆ یۆنان- گریکیـــە کۆنەکان، لەکاتی چەژنەکانی خواوەندی "دیونیســـۆس" کە بەخوای مەی و پیتاندن ناســـرابوو، لێرەدا شـــیاو نییە ئەو جـــۆرە کۆمیدیایـــەی ئەوان بکەینە دووتوێی دێڕەکانەوە. لەجیهانی ئەدەب دا "ولیام شکسپیر" کە لە ساڵەکانی (١٥٦٤-١٦١٦ز) ژیاوە، و بەناوباگترین ئەدیبە کە لەو بوارە چەندین بەرهەمی هەیە. لەســـینەمادا کۆمیدیا جێیەکی فراوانی گرتووە، لەسەرەتای دروستبوونی سینەما (ســـینەمای بێ دەنگ) ئەم جۆرە فیلمە رۆڵی کاریگەری خۆی پیشانداوە، بەناوبانگترینیان ئەکتەری بەناوبانگی ئینگلیزی "چارلی چاپلن" کە لە ساڵەکانی ١٨٨٩-١٩٧٧ز ژیاوە.

فیلمی کۆمیـــدی چەندین جـــۆری هەیە لەوانە "درامادیـــا" کەئەمـــەش کۆمیدیـــای درامییە، یان "رۆم-کۆمـــس" کە کۆمیدیای رۆمانســـییە، ئەمـــە جگە لەوەی کۆمیدیا بەشـــێوەی زنجیرەی تەلەفزیۆنـــی زۆر بەربڵاوە کە بەم جۆرەش دەوترێت "سیت - کۆمس".

فیلمی یەکەمی ئـــەم هەفتەیە"Kick-Ass" لەدەرهێنانی "ماســـیۆ فۆن" و لـــە پاڵەوانێتی "ئارۆن جۆنسۆن"ـە.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:


2



3



4



5


6



7



8



9


10

1 - (Kick-Ass) ١٩،٨٢٨ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٩،٨٢٨ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

2 - (How to Train Your Dragon) ١٩،٦٣٣ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٥٨،٢٥٤ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٣.

3 - (Date Night) ١٦،٧٢٠ ملیـــۆن$، کۆی داهـــات: ٤٨،٦٦٨ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو:١.

4 - (Death at a Funeral) ١٦،٢١٧ ملیـــۆن$، کۆی داهات: ١٦،٢١٧ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

5 - (Clash of the Titans) ١٥،٣٨٥ ملیـــۆن$، کۆی داهات: ١٣٢،٦٠٠ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشوو٢.

6 - (The Last Song) ٥،٩٣٢ ملیـــۆن$، کـــۆی داهـــات: ٥٠،١٨٥ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، هەفتەی پێشوو٥.

7 - (Tyler Perry's Why Did I Get Married Too?) ٤،٠٩٨ ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٥٤،٨٠١ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشوو٤.

8 - (Alice in Wonderland) ٣،٦٥٦ ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٣٢٤،١٣١ ملیۆن$، بە ٧ هەفتە، پلەی پێشوو:٧.

9 - (Hot Tub Time Machine) ٣،٤٩٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٢،٤٤٩ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٦.

10 - (the bounty hunter) ٣،٠٨٤ ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٦٠،٢٦١ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشوو:٨.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی

# هونەرمەند تەها خەلیل بـ

# لایەنی بەرپرس دەبێت ئـ



هەتا ئەو زەمەنەی ژیانم مابێت لە خزمەتی هونەری کوردیدا بەردەوامم

دەبێت بە کاری نوێ و کاری مۆدێرن خزمەتی ڕەوتی هونەری نواندن بکەین

**● تەها خەلیل خاوەنی ئەزموونێکی دوور و درێژە لە بواری هونەری نواندنا و توانیویەتی خزمەتێکی دیار بە شانۆ و درامای کوردی بکات، هەرچەند باری تەندروستی ناو بەناو ناڵەبار دەبێت، بەڵام هەمیشە نەفەسی خزمەت گەیاندنی بە هونەری شانۆ و دراما درێژە، دوایین کاریشی بەشداریکردن بووە لە درامای (نامەکانی ئەشرەف) کە بە ڕۆڵی عومەرە فەندی لە دراماکەدا بەشدارە، ئێمەش بە پێویستمان زانی وەکو گۆڤاری گوڵان بەم دیدارە هونەرییە لە شاری سلێمانی ، هونەرمەند تەها خەلیل بەسەر بکەینەوە.●**

*** بەشداریکردنتان لە درامای نامەکانی ئەشرەف چۆن بوو. ئایا تا چەند لە ڕۆڵ و ئەدای نواندنی خۆت لە دراماکە ڕازیت؟**

- سەرەتا کە باس لە ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی درامای نامەکانی ئەشرەف کرا، دەستنیشان کرام بەوەی ڕۆڵی (ئەمیر بازرگان) ببینم، دواتر دەرهێنەری دراماکە (لوقمان غەریب) ڕازی نەبوو لە ئەدای کارەکتەری (عومەرە فەندی)، ئەوە بوو داوای لە من کرد کەوا ئەو ڕۆڵە ببینم، منیش داوام کرد کەوا سیناریۆکە بخوێنمەوە تا بزانم دەتوانم کەسایەتی (عومەرە فەندی) بەرجەستە بکەم، پاش خوێندنەوەی دەقەکە ڕازی بووم ئەو ڕۆڵە ببینم، دوای بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکەش دەرهێنەری دراما زۆر خۆشحاڵ بوو لە ئەدای ڕۆڵی من لە دراماکە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەوا هیچ تێبینییەکی لە بەرجەستەکردنی ڕۆڵی (عومەرە فەندی) نییە، منیش بە ئومێدم توانیبێتم لەو ڕۆڵەدا سەرکەتوو بووبێتم و پێموایە بە ڕای بینەریش توانیومە تا ئاستێکی باش ئەو ڕۆڵە بەرجەستە بکەم، بۆ شایەتی ئەمەش هەموو ئەو دەستخۆشی و پێوەندییانەیە کە ڕۆژانە بینەری کارەکەم لە ڕێگەی تەلەفیزیۆنەوە بۆم دەنێرن.

*** جیاوازی ئەم کارەو کارەکانی پێشووت لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

- هەمیشە هەوڵ دەدەم جیاوازی هەبێت لەو کارەی کە پێشوتر کردوومە لەگەڵ ئەو کارە نوێیەی کە بەنیازم ئەنجامی بدەم، هەمیشە بەرنامەو پرۆگرامم بەو شێوەیە بووە ئەگەر بزانم کارێکی نوێ کە ئەنجامی دەدەم لە کارەکانی پێشووم سەکەوتووتر نییە، بێگومان ئەنجامی نادەم، جیاوازییەکانی ئەم کارەو کارەکانی پێشووم بێگومان بەراوردەکەی لای بینەرە.

*** لایەنە باشەکانی درامای نامەکانی ئەشرەف لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- دیارە ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی هەر درامایەك وەکو وانەیەك وایە بۆ پەروەردەو ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی باش، دراما زۆر جار کاریگەری لەسەر وشیارکردنەوەی تاك هەیە. دەرهێنەر و سیناریۆنووس زۆرجار لە ڕێگەی دراماوە پەنجەیان خستۆتە سەر گیروگرفت و ئاستەنگەکان و وشیاری دەدەنە خەڵك کە ئەم جۆرە کەسانە لەناو کۆمەڵگەدا هەن، بۆیە دەبێت وریا بن و لەم زەمەنی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتندا دەرفەت بۆ ئەم جۆرە کەسانە نەڕەخسێنرێت کە دەیانەوێت بازرگانی بە ژیانی خەڵکەوە بکەن و بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان میللەت و خەڵك بەکار بهێنن.

*** ئەو کەموکوڕی و هەڵە تەکنیکیی و هونەرییانەی کە لە درامای نامەکانی ئەشرەف هەیە، هۆکارەکەی لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- وەکو ئەوەی ئەزموونێکی زۆرم لە بواری کاری نواندندا هەیە، لەم وڵاتەی ئێمەدا هیچ کارێك بەبێ کەموکوڕی نابێت. بەڵام گرنگ ئەمەیە هەوڵی بنەبڕکردنی کەموکوڕییەکان بدەیت و جار لەدوای جار هەنگاوی جددی بۆ خزمەتی هونەری کوردی بێنیتە ئاراوە. بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت پێموایە بینەر دەتوانێ ئاماژە بە کەموکوڕی بدات ئەگەر هەبێت، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بینەر سەنگی مەحەکە.

*** بۆ ئەم زەمەنە پێویستمان بە نامەکانی ئەشرەفە یاخود درامای گەردەلوول؟**

- دەبێت پرۆژە هونەرییەکانمان لە زۆر ڕووەوە خزمەتی کۆمەڵگە بکەن، پێموایە بۆ ئەمڕۆ هەم گەردەلوول و هەم نامەکانی ئەشرەف و هەم کاری تری هونەریشمان پێویستە، دەبێت هەوڵ بدەین لە هەموو ڕوویەکەوە خزمەتی هونەری کوردی بکەین، دەبێت بە کاری نوێ و کاری مۆدێرن خزمەتی ڕەوتی هونەری نواندن بکەین.

*** درامای گەردەلوول قسەو باس و ڕەخنەی زۆری لێگیرا، تۆ وەکو کەسێکی بە ئەزموون تێڕوانینتان لەسەر دراماکە چییە؟**

-درامای گەردەلوول ڕووداوێکی مێژووییە

دیمانە :سۆران مارف

# ـــەوە بزانن هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزە ئاغا نییە

ئەگەر سەد لەسەد ڕووداوەکانیش وەك خۆی نەبێت، پێموایە لە هونەردا هەرگیز ناتوانی سەد لەسەد ڕووداوەکان وەك خۆی ئاماژە پێ بکەیت، دەبێت هەمیشە بەرگێکی نوێ بە بەری ڕووداوەکەدا بکەیت و بە شێوازێکی هونەری مۆدێرن بایەخ بە ڕووداوەکە بدەیت، بێگومان گەردەلوولیش گرنگی و بایەخی خۆی لەسەر شۆڕشی خەباتی گەلی کورد هەیە، ئەم هۆکارانە هەوڵێکن بۆ زیندووکردنەوەی مێژووی گەلی کورد.

*** بە گشتی درامای کوردی لە چ قۆناغێکدایە، ئایا درامای کوردی توانیویەتی چاوی بینەری کوردی تێر بکات؟**

- درامای کوردی لە گەشەکردندایەو پێموایە توانیویەتی هەنگاوی خۆی بنێت، بە مەرجی ئەوەی لەڕووی تەکنیکی هونەرییەوە ئەمڕۆ لە جاران زیاتر گەشەی سەندووە، درامای کوردی توانیویەتی بچێتە قۆناغێکی نوێوە، ئەوەی زیاتر دڵخۆشکەرە ئەوەیە کە ئەمڕۆ ڕۆڵی ئافرەت لە بواری دراما زیاترەو ئافرەتانیش توانیویانە لەو ڕووەوە زیاتر هەوڵی خۆیان بۆ خزمەتی هونەری نواندن بدەن، ڕاموایە نەبوونی ئافرەت لە بواری شانۆ و دراما وەکو دەریایەکی بێ ماسی وایە.

*** حکومەتی هەرێم هەواڵەکانی لە خزمەتی هونەری نواندن چڕکردۆتەوە، تا چەند پێتوایە ئەم هەولانە جێگەی خۆیان بۆ پێشکەوتنی هونەری نواندن گرتۆتەوە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان دەورێکی گرنگی بینیوە لە خزمەتی بواری هونەری نواندن، دەتوانم بڵێم هەوڵەکانی حکومەت بە ئاراستەیەکی باش شوێنی خۆی گرتووە. هەر میللەت و دەسەڵاتێك گرنگی بە بواری هونەر بدا، ئەوا بێگومان ئەو میللەتە زوو دەگاتە ئامانج و ئاواتی خۆی، هەرچەند گلەیی بچووکیش هەن کە هونەرمەندان ئاراستەی دەسەڵاتی دەکەنەوە، بۆ نموونە هەندێك هونەرمەند ژیانی خۆیان لە پێناوی خزمەتکردنی هونەر فیدا کردووە، دەبێت حکومەتیش بیر لە دابینکردنی ژیانی ئەو هونەرمەندانە بکاتەوەو بایەخی جددیان پێ بدات، دەبێت حکومەتی هەرێم زەمینەی زیاتر بۆ خزمەتی هونەرمەندان بڕەخسێنێت.

*** ئەو فیستیڤاڵانەی لێرەو لەوێ بۆ فیلم و شانۆ و دراما ئەنجام دەدەرێت، تۆ تا چەند بە هەوڵی جددی دەزانیت بۆ خزمەتی هونەری نواندن؟**

- بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو کارانە هەنگاوی جددین بۆ خزمەتی هونەری نواندن، تا فیستیڤاڵ و سیمینار و هەواڵەکانی تر بخرێنەگەڕ بۆ خزمەتی هونەری نواندن، بێگومان تێگەیشتن و پێشکەوتنی شارستانی کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە ڕوو، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمانە هەوڵی جددین بۆ خزمەتی هونەری نواندن.

*** سەبارەت بەو بودجەیەی کەوا وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم خەرجی دەکات، هەندێك هونەرمەند گلەیی ئەوەیان هەیە کەوا زۆرێك دراماو کاری هونەری پارەیان بۆ خەرجکراوە کەچی لەبەر نەبوونی مەرجی هونەریی و گرفتی تەکنیکی کارەکان پەخش نەکراون، تۆ لەم ڕووەوە چی دەڵێیت؟**

- دەبێت لایەنی بەرپرس ئەوە بزانن کەوا هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزە ئاغا نییە، ئەوەی وتی من کاری هونەری دەکەم هونەرمەندیش نییە، ئەوە زیاتر چ بە هونەر و چ بە سامانی دەوڵەت دەبێت ئەو کارانەی پێشکەش دەکرێت دوای هەڵسەنگاندنی لیژنەیەکی پسپۆر ئینجا بڕیار لە سەر بەرهەمهێنانی کارێك بدرێت، نەوەك بیر لە خزم خزمێنە و برادەرایەتی بکرێتەوە.

*** دوای پڕۆژەی نامەکانی ئەشرەف بەرنامەو پڕۆژەی هونەریت چییە؟**

- هەمیشە ئامادەم بۆ خزمەتکردنی هونەری نواندن، هەتا ئەو زەمەنەی ژیانم مابێت لە خزمەتی هونەری کوردیدا بەردەوامم، ئاواتم ئەوەیە ئەو خزمەتانەی کەماومانە لە خزمەتی هونەری کوردیدا بەسەری بەرم، هەرگیز نامەوێت لە خزمەتی هونەر داببڕێم.

*** ڕات چیە سەبارەت بە ڕۆڵی ئەو گەنجانەی لە بوارەکەدا دەبینرێن؟**

- خۆشحاڵم بە بیننی زۆرێك لەو گەنجانەی لە بواری هونەری نواندن کاردەکەن، بەڵام با زیاتر هەوڵی ئەکادیمی بوونی خۆیان و کارەکانیان بدەن و هەوڵ بدەن سوود لە ئەزموونی ئەوەی پێش خۆیان ببینن، ئێمەو نەوەی ئایندە هەردووکمان دەتوانین خزمەتی زۆر جوان بە هونەری کوردی بکەین.

*** ئایا ڕەخنەگری جددیمان لە بواری هونەری نواندن دا هەیە؟**

- ئەگەر ژیان ڕەخنەو پێشنیاری تیا نەبێت، بێگومان پێش ناکەوێت، ڕەخنە بنەمای دروستکردنی هەر پڕۆسەیەکە، مرۆڤ ئەوکاتە دەتوانێ بونیادی ژیانی خوێ بنێت کەوا گوێ لە ڕەخنە بگرێت، هەنگاویش هەیە بۆ دروستبوونی ڕەخنە لە بواری هونەریدا.





